## چەپو (چاک 'ە') کانی ئەوروپا سنوری خۆتان بزانن باشترە لەم شەڕە دۆڕاوەتان؟؟!!. . . جەمال فەتاح

پێویستە پێشەکی ئاماژە بۆئەوەبکەم کە ئەوانەکێن کەبەناوی ڕێکخراوی چاک وبەناوی ڕێخراوی ئەنافال وجینۆسایدی کوردستان لقی سویسراوئەوروپاوە ئەدوێن و خۆیان بەوڕیکخراوە بێخاوەنە لاوازە دا هەڵواسیوەو ئەوەماوەیەکە بەناوی خوازراو و بەناوی خۆیان وبەناوی ئەو ڕێکخراوە بێخاوەنەوە بەتایبەتی لەوکاتەوە کەمال قادر وەک تاوانبارێک کەوتووەتە بەر دەمی دادگای گەل بەهەر جوارلای خۆیاندا جنێو ئەبەخشنەوە بەرانبەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان وسەرۆکی هەرێمی کوردستان، دیارە ئەمانە لەکۆنە چەپوکۆمۆنیستە دۆڕاوەکانی کوردستانن وهاتوونەتە ئەوروپا هەوایان لەورگی خۆیانکردووەو شەڕ بەکۆنەقین ئەکەن وشانبەشانی زوڕنا ژەنانی سایتێکی گومانلێکراوی وەک سایتی درۆو جنێو پۆست بە وتەی هەرزان وهەرزەکارانە ئەیانەوێت مشاعیرو هەستی خەڵکی سادە وساویلکەی کورد بجوڵێنن بەرانبەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان وسەرۆک بارزانی وحکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەوشەڕ بەکۆنەقین کردنە بەتاکو بەکۆمەڵ سڵیان لەبەکارهێنانی هیچ دەستەواژەیەکی ناشەریفانەو دور لە هەر خەسڵەتیکی نووسین نەکردووەتەوە ئەمەش دیارە وەک دەریا کەوتووی مەلە نەزان ئەیانوێت پوش گلیانبداتەوە، بەڵام دیارە لەناودەریادا پشت بەپووش بەستن ئەنجامەکەی تەنها خنکانە.

جگەلە وڕێنەکانی ڕابردوویان ئەوەزیاتر لەدووهەفتەیە بەنامەردانەترین شیوە هەموو سنورکی ئەدەبی کوردایەتی و دوور لەهەر کەلتوورێکیان بەزاندووەو جنێو نامە ئەنوسن بەملاولادا بەبێ ئەوەی بەقەدەر پیرە ژنێکی برسی دارستانەکانی ئەفریقا گوێ یان لێگیرابێت بەڵام دێن وبەکوردی بۆتێکدانی هەزری خەڵکی سادەو نەخوێندەواری کورد لەسەر سایتەکان هەندێک نامەی جنێو و درۆو بووختان بڵاو ئەکەنەوە بۆچاو بەس کردنی خەڵکی سادەو ساویلکە، ئیتر کەسیش ناڵێت ئەگەر ئێوە کەسانی ماف پەروەرن بۆچی نامەکانتان بەکوردی بڵاو ئەکەنەوە خۆ یوئێن وسەرانی دەوڵەتە ئەوروپیەکان کوردنین؟؟!! ئێوە ئەم نامانە بۆچی بەکوردی بڵاو ئەکەنەوە ئەگەر بەخەیاڵی خاوتان بۆسەر لێشیواندنی کوردی سادە نیەو بۆئەوە نیە کە شەڕ بەکۆنە قین بکەن بەرانبەر بە ڕێبازی پارتی وبارزانی،

ئەوەی هەندێکی کەم ئاوەزی هەبێت وبەتایبەتی ئەو ڕۆشنبیرە ڕەسەنانەی کەئەوروپایان دیوەو لە کاروباری ڕیکخراوەخێرخوازەکان بەئاگان ئەزانن ئەرکی ڕێکخراوێکی خێرخواز کامانەن، دیارە پێش هەر شتێک رێکخراوە خێرخوازەکان ئەبێت بەدەربن لەوەلای حزبایەتی وشەڕەدەنوکی پارت ولایەن بەڵام بۆنەگبەتی کورد ئێمەی کورد ئەبێت ڕێکخراوە بەناو خێر خوازەکانیشمان وەلای حزبایەتیان هەبێت وخەریکی شەڕەدەنوکی حزبایەتی بن، ئەمەش یەکێک لەخەسڵەتە خراپەکانی کوردە، دەنا ڕێکراوێکی خێر خواز دەبێت ئەوەندە خاوەن ڕێزو مرۆڤ دۆست بێت هەرگیز نەخزێتە خانەی هەڵەو هەموو مرۆڤ بەیەک چاو سەیر بکات نەک تەنها مرۆڤی کوردیش نەک وەک ئەم کوڕی باشانە ڕێکخراوی خێرخوازیشیان کردووە بەشوێنی شانەی حزبی وشەڕەجنێوی لەگەل نەیارەکانی خۆیاندا پێ ئەکەن.

لەدوا نامەیاندا کە لەڕۆژی 11/10/ 2005دا لەسەر سایتەکان بڵاویان کردووەتەوە بەبێ گوێدانە هیچ یاساو دەستورێکی کوردستان وپاراستنی مافی سەرۆکی هەرێم ودادگاکانی کوردستان وخەڵکیتر ڕەخنەو سەرنج وهەڕەشەوئامۆژگاری وهەزارو یەک مناوەرەیان بەسەر

یەکدا تێکەڵ کردووەو خۆیان لەسەرۆکی کوردستان ودادگای کوردستانیش پێ باڵاترە ووتەی هەرزانیان هەڵوراندووە بۆیە پێم باشە خاڵ بەخاڵی نامەی ئەم کۆنە کۆمەڵەو کۆمۆنیستانە هەڵبسەنگێنم وبیخەمەوە بەر چاوی خوێنەران وتابزانن لەڕووی یاساوە ئەمانە چۆن سەیری خۆیان وخەڵکیتر ئەکەن وچۆن خێرخوازێکن.

لەدەسپێکی نامە پڕلەهەڵەکەیاندا ئاوا دەستیان پێکردووە (بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لە خێزانی د. کەماڵەوە گەیشتووەتە دەستمان، ئەمڕۆ 11/10 توانیوییانە لە زیندانی محەتە لەهەولێر ببینن، شایانی باسە کە شوێنەواری ئەشکەونجە بەسەر جەستەیەوە نەبووە. )

خوێنەرانی هێژا ئێوەش ئەزانن کەئەوە زیاتر لەدووهەفتەیە ئەم کۆڵە کۆمونیستانە چی درۆو بووختانیك هەڵئەڕێژن دژی پارتی دیموکراتی کوردستان وسەرۆکی هەرێمی کوردستان ودادگاو پۆلیسی کوردستان، بەجۆرێک هەتا سایتی درۆپۆست نوسیبوویان کەبە ئەمڕۆشەوە لەسەر سایتە درۆزنە گومانلێکراوە کەیانە بوایە کەمال سید قادر لێی دراوەو تووشی نەزیف بووە ودوکتۆری بۆبانک کراوە بۆزیندان ئەمەش تەنها دیارە ئەمانەو سایتی فشە پۆست بۆئەوەی هەستی خەڵکی سادەو ساویلکەی پێتێک بدەن وهیچیتر وەک بینیمان کە زۆر کەسی هەست سادەیان تەنگە نفەس کردوو جنێو نامەیان پێنووسین، کەچی ئەوە ئێستاش هەر خۆیان خۆیان بەدرۆدا ئەخەنەوەو درۆکانیان سپی ئەکەنەوە، جا من چاکە کانی ئەوروپا ئەخەمەبەردەمی هەستوو ویژدانی ئێوە ئەمانە ڕێکخراوی خێرخوازن یان حزبی شەڕخواز؟؟!!.

ئەمەش بڕگەی دووەمی دوا وڕاوەی چاکە سەنجی بدەن چی ئەڵێن (لەکاتێکدا ئێمە ڕەخنەی ئەوە لەپارتی دەگرین کە نەدەبوایە بە هیچ شێوەیەک د. کەماڵیان شوێنبزر بکردایە، بەتایبەتیش کەزیاتر لە 48 کاتژمێرێ بەسەر دا چوو و ئەمەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی مرۆڤە، لەهەمانکاتیشدا ئەم بینینە بە هەنگاوێک بەرەو باشی دەیدەینە قەڵەم کە لە لایەن پارتیەوە براوە، بۆیە بەم هۆکارە ئەگەر پێشێلکارییەکی نوێ بەرانبەر بە د. کەماڵ نەکرێت، هەموو چالاکییەکی تایبەت بەم دۆزە ڕوو لە دەرەوە ڕادەگرین، بەڵام بە ووردی چاودێری دۆزەکە دەکەین، چونکە ئێمە کێشەیەکی پێشوەختمان لەگەڵ هیچ لایەنیکی کوردستانی نییە.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم دەستەواژە بێکەڵکانەی سەرەوەیان بدەمەوە بەسەر هاتی دەروێشێکتان بۆباس ئەکەم لەیەکێک لەشارۆچکەکانی کوردستان وتیان شەوێک ئەستێرەیەک کەوتبووە نێوان مانگو خۆرو مانگ بۆچەند ساتێک ڕووناکی خۆری بەر نەکەوتبوو تاریک ببوو دەروێشەکەش چوو بووە سەر بان تەپڵی لێدا بوو پاش ئەوە ئەستێرەکە نێوان مانگو خۆری بەجێهێشت مانک بەر تیشکە کانی خۆر کەوتەوە بەتەواوی بەدەر کەوتبوو دەروێشە کەش هاتبووە خوارەوە وتبووی ئانەختێک ئاوم بدەنێ ئەوە تامانگم بەردا بەهیلاک چووم؟؟!!ئەم برادەرانەش وایان لێبەسەر هاتووە واخۆیان نیشان ئەدەن گوایە ئەوان چارەنووسی کەمال قادر دیاری ئەکەن کوردێکەو لە پێش دەمی دادگای سەربەخۆی کوردستان دایە ئەگەر تاوانی هەبێت ئەوە بەپێی تاوانەکەی سزا ئەدرێت ئیتر چاک بۆچی شەڕی کۆنەقین ئەکات وخۆیان شین ومۆر کردووە تەوە وئەیانەوێت والە خەڵکی ساویلکەی کورد بگەیەنن وەک دەروێشەکە ئەوان مانگیان ئازاد کردووە.

چونکە گومانیان لەخۆیان هەیە لەکۆتایی ئەو بڕگەی سەرەوەدا ئەڵێن ئێمە کێشەیەکی پێش وەختمان لەگەل هیچ لایەنێکی کوردستانیدا نیە؟؟!! ئەگەر ئێوە کێشەتان نییە وشەڕی کۆنە قین ناکەن ئەی ئەوە دووهەفتەیە ئەم گشت جنێوە بێسودو هەرزانانە چین تەخشان وپەخشانی ئەکەن بەم لاو بەو لادا.

لەبەشی سێیەمی مهاتەراتەکەیاندا زۆربێشەرمانە مەرج بۆدادگای کوردستان وسەرۆکی کوردستان دائەنێن وئەڵێن:ئێمە وەک (چاک) هیچ نارەزایە تییەکیشمان نییە کێشەکان لە رێگەی دادگاوە یەکلا بکرێنەوە، بەم مەرجانەی خوارەوە:

1. هیچ کۆنە بەعسی وفایلدارێک دەعوایان لەسەر د. کەماڵ نەبێت.

2. دادگا بە کردەوە سەر بەخۆیی خۆی بپارێزێت وهیچ لایەنێکی سیاسی وهیچ کەسێک، فشار نەخاتە سەر دادوەر وپرۆسەی دادگاییکردنەکە.

3. هەموو مافەکانی د. کەماڵ لە دادگا دابین بکرێت و هەموو بوارێک کە بۆلایەنی بەرانبەر دەرخسێت بۆ د. کەماڵیش برەخسێت.

خوێنەرانی بەرێز وەک لەوراوەی چاک مارکسیدا هاتووە ئەم کۆنە مارکسیانە ئەوەی باسی ئەکەن لەدەسەلاتی هیچ سەرۆک دەوڵەتێکی دنیاشدا نییە بەرانبەر بە دادگا یان خواروی خۆشی ئەو جۆرە داواو مەرجانە بسەپێنێت، ئێوە ناپرسن ئەو کەسە دۆڕاوانە ئەودەسەلاتەیان لەکوێ ولەکێ وەرگرتووە وابەو جۆرە رەها بدوێن بەرانبەر بەسەرۆکی هەریمی کوردستان وبە دادگای کوردستان، دیارە ئەمەش لە مشتێک کۆنەقین و پرکردنەوەی هەڵەی سەنگەرە کانی شەری براکوژی تێپەرێت هیچیتر نیە ئەوەی لەسەنگەری شەری براکوژی ساڵەکانی 976 هەتا 986 پێیان نەکراوە ئێستا ئەیانەوێت بەناوی ریکخراوی چاکەوە بەخیاڵی خاویان جێبەجێی بکەن؟؟!!.

یان ئەم کەسە کسایەتی بەرزانە گومانیان لەدیموکراسی بوونی سەرۆکی کوردستان هەیەو دیارە ئەمان لەدیموکراسیەتی سەرانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران وستالین وچاوشیسکۆ و فیدڵ کاسترۆ و میلۆسۆیچەوە فیری دیموکراسی وقبوڵکردنی رەخنە بوون وا خۆیان لەسەرۆکی شۆرشگێری هەرێمی کوردستان بە دیموکراسیتر و دڵ فراوانتر ئەزانن، بۆیە ئا بەم جۆرە رووڵە سەرۆکی کوردستان دەکەن:هاوکات داوا لە کاک مەسعود بارزانی ئەکەین، بەگیانی دیموکراسی و رێزگرتن لە بریاری دادگا و قبوڵکردنی رەخنە مامەڵە لەگەل دۆزی د. کەماڵ بکات، رێگە نەداد خەڵکانی رابردوو پیس وەرەقە کان تێکەڵ بکەن.

لەکاتێکدا جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێرراوی هەرێمی کوردستانە ئەم قین لەدڵانە هەر وەک خەڵکی بازاری خۆیان ئاسا ناویان هێناوە بەبێ ئەوەی بچوکترین رێزیان بۆخۆیان دانابیت، دیارە ئەمەش نیشانەی ئاشکرای کۆنە قین وبوخزەکانیانە بەرانبەر بە بەرێزترین کەسایەتی وسەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەوەش رێزی خەڵک نەگرێت دیارە بێرێزی خۆی پیشان ئەدات.

لە دوا ریزی نامە هەرزانە کەیاندا بەچند دێریک ئەم وراوانەیان کردووە:ئێمە داواکارین، دادگا کراوەبێت بۆ هاووڵاتیان، هاوکات هەوڵ دەدەین پارێزەرانی بێسنوور لەم دادگاییکرنەدا بەشدار بکەن و (چاک) یش پارێزەری خۆی لەدادگا ئامادە بێت. هاوکات رایدەگەیەنی، هەر پێشێلکردنێکی مافە کانی د. کەماڵ هەبێت، ئەوا چاک ناچارە جارێکیتر چالاکییەکانی دەست پێ بکاتەوە، کە کۆنە بەعسی وسیخورەکان لەکوردستان خەڵکی رابدوو خاوێن دادگایی ئەکەن.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک) .

لەم دەستە واژانەی سەرەوەیاندا ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە درۆ و بووختانە کانی کەمال قادر و هەرە شەو چاوسور کردنەوە کانی هەر بە پاڵپشتی ئەم کۆنە مارکسیانەی ناو چاک بووە بۆیە ئەوانە وا بەرەهایی و بەبێ هێچ باجێک کەف ئەچەرێنن و باس لە دادگایی کردنی ئەو راسپاردەیەی خۆیان ئەکەن، لەلایەکیتر ئەوەتا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دادگای کوردستان بەکۆنە بەعسی و سیخورەکان لەکوردستان لەقەڵەمی

ژەهراویان ئەدەن، بۆیە من پێشنیارم وایە کە ئەو کەسانەی ڕێکخراوی چاکیان بەکار هێناوە بۆ شەڕی کۆنە قینی خۆیان و دادگاو سەرۆکی کوردستان بەکۆنە بەعسی وسیخوڕ ئەژمێرن پێویستە ئەوانیش بدرێن بە دادگاو لێکۆڵینەوەیان لەگەلدا بکرێت تاکو هەویەی شاراوەیان ئاشکرابێت بۆگشت لایەک؟؟!! .

لەکۆتاییدا ئەڵێم هیوادارم کورد لە نیازو پلانی هەمیشیی وزیاتر لە چل ساڵی ئەمانەو مامۆستاکانی ئەمانە بگات وچیتر کەس بە وتەی هەرزان ودەهۆڵی دڕاویان بەشەوارە نەکەوێت.

پێویستە ڕیکخراوی چاکیش ئەگەر بەر پرس وخاوەنی ڕاستە قینەی هەیە چاو بەسەر ئەندامانی چاک بەتایبەتی ئەوانەی ئەوروپا دا بخشێنێتەوە و ڕابردوو یان هەڵسەنگێنێت و بزانێت کارەکانیان تاچەند لەخزمەتی کیماوی لێدراوەکان و جینۆساید کراوەکانی کورد دایە.

وە ڕوی دەمم ئەکەمە ئەو ڕێکخراوەو پێیان ئەڵێم ئایا؟؟ ئەوەندەی کە ئەندامانتان لەئەوروپا خۆیان بەشەڕی کۆنەقینەوە خەریک کردووە نیو هندەی ئەوە باسی ئەنفال وکیمیا بارانی کورد تان کردووە بۆ دۆستان و دوژمنانی کورد، ئەگەر کردووتانە چی ڕۆڵێکتان هەبووە لەدادگایی کردنی سەدام ودارو دەستە کەیدا من بێگومانم هیچ. کەوایە هەقە بەخۆتاندا بچنەوەو ئەو ڕیکخراوەش مەکەن بەمەیدانی تەراتێنی حزبایەتی ودوژمنایەتی کردنی نەیارانتان خۆخەڵکی کوردستان لەگوێ گادا نە نووستووە ئێوە بەئەقڵی سەقەت تان بتانەوێت هەرچۆن تان بوێت وا بکەن وبۆتان سەر بگرێت، دڵنیابن کە هەموو هەڵەو تاوانێکیش باجی خۆی هەیە. .

جمال فتاح
2005/11/11
لەندەن